زوهدت هەبێت لە دونیادا؛ خوای گەورە خۆشی دەوێیت، وزوهدت هەبێت لەوەی لە نێو دەستی خەڵکیدایە؛ خەڵکی خۆشیان دەوێیت

لە ئەبی عەباس سەهل کوڕی سەعدی ساعیدییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێنماییم بکە بۆ کردەوەیەك ئەگەر ئەنجامی بدەم خودا خۆشی بوێم و خەڵکیش خۆشیان بوێم، فەرمووی: «زوهدت هەبێت لە دونیادا؛ خوای گەورە خۆشی دەوێیت، وزوهدت هەبێت لەوەی لە نێو دەستی خەڵکیدایە؛ خەڵکی خۆشیان دەوێیت».

[قال النووي: حديث حسن] [رواه ابن ماجه وغيره بأسانيد حسنة]

پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد کە ڕێنمایی بکات بۆ کردەوەیەک کە ئەگەر بیکات؛ خودا خۆشی بوێت و خەڵکیش خۆشیان بوێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: خودا خۆشی دەوێیت ئەگەر واز لە شتی زیادەی دونیا بهێنیت، و واز لەو شتە بهێنیت کە لە قیامەتدا سوودت پێناگەیەنێت، و واز لەوە بهێنیت کە لەوانەیە زیانی تێدا بێت بۆ دینەکەت، و خەڵکیش خۆشیان دەوێیت ئەگەر واز لەوە بهێنیت کە لە نێو دەستیاندایە لە شتومەکی دونیا؛ چونکە ئەوان بە سروشتی خۆیان دونیایان خۆشدەوێت، و هەرکەسێک لەسەری کێبڕکێیان لەگەڵ بکات؛ ڕقیان لێی دەبێتەوە، و هەرکەسێک بۆ ئەوانی بەجێبهێڵێت؛ خۆشیان دەوێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4307